
# نمونەی بەرنامەی کار



هۆمەر قەرەداغی
بەڕێوەبەری پەروەردە
ستۆکهۆڵم – سوید
21-06-2007

لە رۆژانی 22 تا 24 ی مانگی مای کۆنگرەی پەروەردە لە کوردستان بەسترا. پیمخۆش بوو کە بانگهێشت کرابوم بۆ کوردستان بۆ بەشداری و خوێندنەوەی وتارێک دەربارەی بنبڕکردنی وازهێنان لە خوێندن. زۆر کاری باشکرا لە کۆنگرەکەدا بەڵام بەداخەوە باسی بەرنامەی کار بەسەرماندا تێپەڕی کەس باسی نەکرد.

بە بۆچونی من دەبێت هەموو قوتابخانەیەکی کوردستان لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندندا بەرنامەیەکی کار بۆ ئەو ساڵی خوێندنە دابنێت. بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرپرسیاری سەرەکییە لە دانان و جیبەجێکردنی کارەکەدا. قوتابیان و مامۆستایان بەشداری دەکەن لە ئامادەکردنی بەرنامەکەدا.

بەرنامەی کار دەکرێت بە شێوەیەکی ئاسان ئامادەبکرێت و بریتی بێت لە پێنج بەش: ئاسۆ، ئامانجەکان، چۆنێتی گەیشتن بە ئامانجەکان، هەڵسەنگاندن و ڕێکخراوی قوتابخانە.

**ئاسۆ**

لە قوتابخانەکەماندا قوتابیەکان بە ئامانجی خویندنەکەیان دەگەن لە ژینگەیەکی دڵخۆشکەر و ئارامدا.

**ئامانجەکان**

1. زانست

قوتابخانەکەمان باشترین ئەتمۆسفیر ئامادەدەکات بۆ ئەوەی قوتابیەکان زانست وەربگرن و لە خوێندنەکەیاندا، لە پێناوی بە دەستهێنانی کاردا یا گەیشتن بە خوێندنی بەرزتر ، سەرکەوتو بن.

**چۆنێتی گەیشتن بەو ئامانجە!**

- مامۆستاکان بە باشی ئامانجی وانەکان ڕوندەکەنەوە و هانی قوتابیەکان دەدەن بۆ هەوڵدان لە پێناوی تێگەیشتن لە ناوەرۆکی وانەکە.
- قوتابیەکان بە بەردەوام گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاکانیاندا دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کە لە چ ئاستێکی خوێندنەکەیاندان.
- مامۆستاکان بە بەردەوام لە ڕاوێژکردندا دەبن لەگەڵ قوتابیەکاندا بۆ ئەوەی قوتابیەکان بەشداربن لە بەرنامە دانانی وانەکاندا.
- لە بەردەوامی وانەکاندا مامۆستا و قوتابی بەیەکەوە هەڵسەنگاندنی واانەکان و شێوەی کارکردن دەکەن. ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە شێوەی بەردەوامی کاری ناو پۆلەکە دەستنیشان دەکات.
- ئەو قوتابیانەی کە ناگەنە پلەی دەرچون یارمەتی زیاتر وەردەگرن.
- کات و پارە تەرخان دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستاکان.
- بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە دەبیت ڕێکخراوی قوتابخانەکە وا ڕێکبخەن کە هەمو قوتابیەکان ببینرێن و ناسراو بن. مامۆستاکان لە نزیکەوە شارەزاییان هەبێت دەربارەی پیویستی تاکی قوتابیەکان.
- مامۆستاکان شێوازی جیاوازی وانەوتنەوە بەکاردەهێنن.

## 2. پەروەردەی کۆمەڵایەتی قوتابییەکان

قوتابخانە دەبێت کاربکات بۆ ئەوەی دڵنیایی و ئارامی لە قوتابخانەکەدا بەرپابکات. قوتابیەکان هانبدرێن بۆ ئەوەی بەهای بەرز و بۆچونی مرۆڤدۆستانەیان لا دروستبێت.

**چۆنێتی گەیشتن بەو ئامانجە!**

- بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە دەبێت کار بکات بۆ ئەوەی کە قوتابیەکان ئاشنابن بە بەرنامەی خوێندن (مەنهەج) و بەهابنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتی لە سەربەستی تاکەکەسی و یەکسانی ژن و پیاو و بەرابەری نرخی مرۆڤەکان و بەرزڕاگرتنی ژیان.
- دایک و باوک قوتابخانە ئاگاداربکەنەوە لە کاتی نەهاتنەوەی قوتابی بۆ قوتابخانە.
- قوتابخانە وانەکانی موراڵ و تەندروستی و بەیەکەوەژیان و زانستی ژیان دابین بکات بۆ ئاستە جیاکانی خوێندن.

- قوتابیان ئاگادار بکرێنەوە لە زیانەکانی مادده بێهۆشکەرەکان.

### 3. ئامادەکردن بۆ ژیانی گەورەساڵی

قوتابیەکان ئامادەبکرێن بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ڕێگەی ئەوەی هەموو توانای خۆیان تەرخان بکەن کە بەباشترین شێوە بۆ باشی و ئاسودەیی کۆمەڵ هەوڵبدەن.

**چۆنێتی گەیشتن بەو ئامانجە!**

- کاری بە کۆمەڵ و پرۆژە وەک شێوەیەک لە شێوەکانی کارکردنی ناو پۆل بەکار بێت.
- پەیوەندی قوتابخانە و بازاڕی کار بە هێزبکرێت.
- پەیوەندی قوتابخانە و زانکۆکان بەهێزبکرێت.
- هەوڵبدریت بۆ سازکردنی پەیوەندی ئینتەرناسیونالی.
- لە دیداری گەشەدا لەگەڵ قوتابیاندا باس لە بەرپرسێتی قوتابی بکرێت دەربارەی ئەنجامی ئەو کارەی کە دەیکات.
- قوتابخانە پشتگیری ئەو چالاکیە کلتوریانە بکات کە لەگەڵ بەهابنەماییەکانی قوتابخانەدا یەکدەگرێتەوە.
- بەکارهێنانی شێوەی کارکردنی دیموکراتیانە بۆ ئەوەی توانای بەرپرسیارێتی وەرگرتن لای قوتابیان زیادبکات.

**هەڵسەنگاندن و بەدواچون**

لە کۆتایی هەموو ساڵێکی خوێندندا هەڵسەنگاندنێکی تەواودەکرێت لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایە قوتابخانەکە گەیشتۆتە ئامانجەکانی بۆ ئەو ساڵی خوێندنە یا نا. لایەنە باش و خراپەکان، بەهێز و لاواز دیاری بکرێت.

**ڕێکخراوی قوتابخانە**

لێرەدا باس لەوە دەکرێت کە لە قوتابخانەکەدا چەند مامۆستا کاری تیدا دەکات، چەند قوتابی هەیە، چەند پۆلی تێدایە، دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکەی چەند کەسن و بەرپرسیارێتیان چۆن دابەشکراوە.

دوا بەشی بەرنامەی کار کۆتایی دێت بەو بەرنامەی ئیشانەی کە قوتابخانەکە بەرهەمی هێناون بۆ ئەوەی ئەنجامی قوتابیەکان باش بێت. نمونەی ئەو بەرنامانە: بەرنامەی ئیشکردنە دژی

سەرکوتکردن، بەرنامەی ئیشکردنە دژی چەوسانەوەی کۆمەلایەتی، بەرنامەی ئیشکردنە دژی وازهێنان لە خوێندن، بەرنامەی ئیشکردنە دژی بەکارهینانی ماددە بێهۆشکەرەکان...هەتا دوایی.